سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران کۆبووەوە



لە چوارچێوەی بەرنامەی سەردانەکەیدا بۆ تاران، پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ سێشەممە 2024/5/7 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەڕێز جەنەرال حسێن سەلامی، فەرماندەی گشتیی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆبووەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا پەیوەندییەکانی ئێرانیان لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە بواری ئەمنیدا تاوتوێ کرد. هەردوولا جەختیان لە گرنگیی پتەوکردنی زیاتری هاریکاری و هەماهەنگیی لایەنە پەیوەندیدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستاندا کردەوە بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامیی سنوورەکان و بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی ئەمنییەکان لە هەرلایەکەوە بێت.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا کاریگەری و لێکەوتەکانی شەڕ و پێکدادانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر دۆخی ناوچەکە تاوتوێ کرد. لەمبارەیەوە هەردوولا هاوڕا بوون لەسەر ئەوەی کە دەبێ هەموان لەپێناو پاراستنی سەقامگیریدا کار بکەن و ڕێگە نەدرێت

ئاڵۆزییەکان زیاتر تەشەنەی بکەن.

هاوکاری و هەماهەنگیی ئەمنی و سەربازیی هەولێر ـ بەغدا، بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی مەترسییەکانی تیرۆر و چەند پرسکی جێی بایەخی هاوبەش، لایەنکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.